# ئایا لێڤایەسانەکەی تۆماس هۆبز هێشتا زیندووە؟
# کارایی تیۆری دەوڵەت لای تۆماس هۆبز لە سەردەمی هاوچەرخدا: عێراق و ئیسپانیا وەك نموونە

م.ی هۆشەنگ دارا حمە امین
زانکۆی سۆران/ فاکەڵتی یاسا و پەیوەندەییە نێودەوڵەتییەکان

پوختە
تۆماس هۆبز لە لێڤایەساندا تیۆری دروستبوونی دەوڵەت، بە پشتبەستن بە شیکاری سرووشتی مرۆڤ و لە ڕێگەی گرێبەستی کۆمەڵایەتییەوە، دەخاتە ڕوو. لای هۆبز سەرهەڵدانی دەوڵەت بریتییە لە گوێزانەوەی کۆمەڵی مرۆیی لە باری سرووشتییەوە بۆ کۆمەڵگایەکی مەدەنی، لە شەڕی هەمووان لە دژی هەمووان و بێسەروبەرییەوە بۆ پارێزراوی و ئارامی. هۆبز دەوڵەت بە لێڤایەسان، ئەژدیهایەکی ئەفسانەیی ناو دەریا، دەشوبهێنێت کە توانای هەڵلووشینی هەموو وردە هێزەکانی هەیە، لە ڕێگەی هێزەوە شەڕ و ئاژاوەی باری سرووشتیی کپ دەکاتەوە و خۆی و خەڵکەکەی دەپارێزێت. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ هەڵسەنگاندنی بەکاریی تیۆرەکەی هۆبز و زیندوویی لێڤایەسان لە سەردەمی هاوچەرخدا. توێژینەوەکە کارکردی هەر یەك لە دەوڵەتانی عێراق و ئیسپانیا بەرامبەر بە جووڵانەوە سەربەخۆخوازییەکانی ساڵی ٢٠١٧ بە نموونە وەردەگرێت و بە دوای توخمی لێڤایەسانی لە ناو دەوڵەتی هاوچەرخدا دەگەڕێت. توێژینەوەکە دەیەوێت ئەوە ڕوون بکاتەوە کە چۆن دەوڵەت بە درێژایی مێژووی خەسڵەتە بنچینەییەکانی لە دەست نەداوە، بەڵکو ئەوەی گۆڕانی بە سەردا هاتووە شکڵەکانی دەوڵەت، ڕێگاکانی مومارەسەی دەستەڵات و ماسکی سەروەرەکانە.

وشە سەرەکییەکان: هۆبز، لێڤایەسان، دەوڵەت، عێراق، ئیسپانیا.

## پێشەکی
ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ناساندنی تیۆری دەوڵەت لای فەیلەسووفی بەریتانی، تۆماس هۆبز (١٥٨٨_١٦٧٩) کە لە کتێبێکیدا بە ناوی ‹لێڤایەسان ١٦٥١› خراوەتە ڕوو. توێژینەوەکە هەوڵدەدات لێڤایەسان وەك وشە و وەك چەمك لە ئەدەبیاتی تیۆلۆژی و میتۆلۆژی، دواتریش لە ئەدەبیاتی سیاسیی هۆبزدا ڕوون بکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستە چەمکی دەوڵەت، کە لای هۆبز بە کۆمۆنوێڵس هاتووە و لە ناو قاڵبی دێوێکی ئەفسانەیی بە ناوی لێڤایەساندا بەرجەستە دەبێت، ڕوون دەکرێتەوە. لێرەدا هەوڵدەدرێت هۆبز و لێڤایەسان وەك فەلسەفەیەك، نەك هەر بۆ سیاسەت، بەڵکو بۆ شرۆڤەی سایکۆلۆژیا و سرووشتی مرۆڤیش بخرێتە بەر باس تا بە هۆیەوە ئەو باکگراوەندەی کە لە پشت گرێبەستی کۆمەڵایەتی و هەروەها لە پشت نووسینی لێڤایەسانەوە هەیە، ڕوون بکرێتەوە. پاشان، توێژینەوەکە قسە لە سەر کارایی تیۆرەکەی هۆبز بۆ سەردەمی هاوچەرخ دەکات و بە پشتبەستن بە چەندین ئارگیۆمێنت هەوڵدەدات تاوتوێی کارایی تیۆرەکە و زیندوویی لێڤایەسان بکات. جیا لە شرۆڤەکردنی تێکست و مانا تیۆرییەکان، توێژینەوەکە پشتبەستوو دەبێت بە هێنانەوەی نموونەی کارکردی دوو دەوڵەت، عێراق و ئیسپانیا، تا لە ڕێگەی شیکارکردنیانەوە بە دوای ئێلێمێنتە لێڤایەسانییەکانی ناو دەوڵەتی هاوچەرخدا بگەڕێت.

## ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجـی توێژینەوەکـە ئەوەیـە بیـری هۆبـز سـەبارەت بـە دەوڵـەت ڕوون بکاتـەوە و توخمـی لێڤایەسـانی لـە نـاو دەوڵەتـدا گەنگەشـە بـکات. توێژینەوەکـە دەیەوێـت ئـەوە ڕوون بکاتـەوە کـە چـۆن دەوڵـەت، وەك بەرهەمێکـی گرێبەسـتی کۆمەڵایەتـی و ئەنجامێکـی گوێزانـەوەی کۆمەڵـی مرۆیـی لـە بـاری سرووشـتییەوە بـۆ کۆمەڵـگا و بـاری مەدەنـی، بـە درێژایـی مێـژوو هەندێـك خەسـڵەتی بنچینەیـی خـۆی لـە دەسـت نـەداوە. بـە دەسـتەواژەیەکیتر، توێژینەوکە دەخوازێـت بزانێـت کـە ئایـا بـە تێپەڕبوونـی سـەدەکان، جەوهـەری دەوڵـەت گۆڕانـی بـە سـەردا دێـت یـان نـا. بـۆ ئەمـەش هـەوڵ دەدات تیـۆری دەوڵـەت لای هۆبـز بـە سـەر دوو نموونـە لـە دەوڵەتانی هاوچەرخـدا پیـادە بـکات. توێژینەوەکـە ئامانجیەتـی ڕەفتـاری دەوڵەتـی هاوچـەرخ ڕوون بکاتـەوە و لـەم ڕووەوە بگاتـە ئـەو ئەنجامـەی کـە داخـۆ دەوڵەتـی هاوچـەرخ لەگـەڵ دەوڵەتـی کلاسـیك و مۆدێـرن لـە چیـدا هاوبەشـن. بـە واتایەکیـتر، توێژینەوەکـە بـە دوای پرسـی زیندوویـی لێڤایەسـاندا دەگەڕێـت و دەیەوێـت نیشـانەکانی زیندوویـی ئـەم دێـوە ئەفسـانەییە لـەم سـەردەمەدا ببینێتـەوە.

## پرسیارە سەرەکی و لاوەکییەکانی توێژینەوەکە

پرسـیاری سـەرەکیی توێژینەوەکـە ئەوەیـە کـە ئایـا تیـۆری دەوڵـەت لای هۆبـز لـە سـەردەمی هاوچەرخیشـدا بـەکارە و پارێزگاریـی لـە بەهـا و ئەرزشـی فەلسـەفیی خـۆی کـردووە؟ ئایـا لێڤایەسـان هێشـتا هـەر زینـدووە و ڕەفتـاری دەوڵەتانـی هاوچـەرخ دەرخـەری ڕاسـتیی زیندوویەتـی لێڤایەسـانە؟ پرسـی لاوەکـی توێژینەوەکـەش بریتـی دەبێـت لـەوەی کـە داخـۆ هەوڵـی عێـراق بـۆ گێڕانـەوەی حوکمـی ڕاسـتەوخۆی بەغـداد بـۆ سـەر هەرێمـی کوردسـتان و ناوچەکانـی تـری باکـووری عێـراق و هەروەهـاش هەوڵـی ئیسـپانیا بـۆ گێڕانـەوەی حوکمـی ڕاسـتەوخۆی مەدریـد بـۆ سـەر هەرێمـی کەتەلۆنیـا دەتوانـن ببنـە بەڵگـەی زیندوویـی لێڤایەسـان لـەم سەدەیەشـدا؟ ئایـا دەوڵەتـی هاوچـەرخ، هاوشـێوەی دەوڵەتـی کلاسـیك دەیەوێـت هەمـوو لادان و لەڕێدەرچوونێـك کۆنـتڕۆڵ بـکات و هەمـوو تـاك و گرووپەکانـی نـاو کۆمەڵـگا، بـە هـەر نـرخ و بـە گرتنەبـەری هـەر میکانیزمێـك بێـت، هەڵلووشـێت؟ ئایـا خواسـتی مکوڕانـەی دەوڵەتانـی هاوچـەرخ بـۆ پاراسـتنی یەکێتیـی گـەل و یەکپارچەیـی خـاك بریتیـی نییـە لـە هەمـان خواسـتی لێڤایەسـان بـۆ گەیشـتن بـە سـەروەریی و مانـەوە بـە سـەروەری؟ لێـرەدا، هەڵبژاردنـی هەریەکـە لـە عێـراق و ئیسـپانیا وەك دوو نموونـە لـە نـاو کۆمەڵێـك نموونـەی زۆردا بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە هەریـەك لـەو دوو دەوڵەتانـە دەتوانـن ببنـە نموونەیـەك بـۆ دوو جـۆری جیـاواز لـە دەوڵـەت کـە لـە ڕووی جیۆپۆلیتیکـی، سیسـتەمی سیاسـی و کلتوورییـەوە جیاوازن. عێـراق، دەوڵەتێکـی نیمچـە ئایینیـی زۆرینـە موسـوڵمان و زۆرینـە عەرەبـە کـە لـە نـاو ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا هەڵکەوتـووە، سیسـتەمێکی کۆماریـی خۆنەگرتـووی هەیـە، بـە دەسـت کێشـەی سیاسـی، ئەمنـی و ئابوورییـەوە دەناڵێنێـت، دەکرێـت نموونـە بێـت بـۆ دەوڵەتانـی شکسـتخواردوو. لـە بەرامبەریشـدا، ئیسـپانیا، دەوڵەتێکـی سـیکۆلاری زۆرینـە مەسـیحی و زۆرینـە ئیسـپانییە کـە لـە نـاو ئەورووپـادا هەڵکەوتـووە و ئەندامـی یەکێتیـی ئەورووپایـە، سیسـتەمێکی دیموکراسـیی دامـەزراوی هەیـە، بـە دەوڵەتێکـی پێشـکەوتوو، گەشەسـەندوو و سـەقامگیر دادەنرێـت، دەکرێـت نموونـە بێـت بـۆ دەوڵەتانـی گەشەسـەندووی ڕۆژئـاوا.

## گریمانەی توێژینەوەکە

توێژینەوەکـە لـە سـۆنگەی ئـەو گریمانـەوە سـەرچاوەی گرتـووە کـە بـە تێپەڕبوونـی سـەردەمەکان و سـەرهەڵدانی داهێنـان و پێشـکەوتنەکان، جەوهـەری دەوڵـەت _ دەسـتەڵات گۆڕانـی بـە سـەردا نایـەت. بەڵکـو ئـەوەی گۆڕانـی بـە سـەردا دێـت شـکڵەکانی دەوڵـەت، ڕێگاکانـی مومارەسـەی دەسـتەڵات و ماسـکی سـەروەرەکانە. ئەمـەش لـە سـەر بنەمـای ئـەو ئارگیومێنتـەی کە دەسـتەڵات

کایەیەکی مرۆییە، پەیوەستە بە سرووشتی مرۆڤەوە و لە ناو غەریزە و فیترەتی مرۆڤەکاندا هەیە، هەر بۆیە جەوهەری دەسەڵات تەنها ئەو کاتە دەگۆڕدرێت کە جەوهەری مرۆڤ بگۆڕدرێت، ئەمەش ئاستەمە. لەم ڕووەوە، تیۆری هۆبز بۆ دەوڵەت، کە پشتئەسوورە بە ڕاڤەی هۆبز بۆ سرووشتی مرۆڤ، شیاوێتیی پیادەبوونی لە سەردەمی هاوچەرخ و بگرە سەردەمانی داهاتووشدا هەیە. توێژینەوەکە گریمانەی ئەوە دەکات کە تیۆری هۆبز بۆ دەوڵەت لە سەردەمی هاوچەرخیشدا کارایی خۆی لە دەست نەداوە و لێڤایەسانەکەی هۆبز هێشتا هەر زیندووە.

## میتۆدی توێژینەوەکە

لێرەدا هەوڵ دەدرێت بە سوودوەرگرتن لە میتۆدی شیکاریی و لە چوارچێوەی توێژینەوەی کوالیتەیتیڤ، یان چۆنایەتی، وەڵامی پرسیارەکانی توێژیەوەکە بدرێتەوە، گریمانەکە یەکلا بکرێتەوە و دواجاریش هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە بدرێت. بۆ ئەم مەبەستە، بە پشتبەستن بە سەرچاوەی یەکەمی و دووەمییەکان، تیۆرەکەی هۆبز شیتەڵ دەکرێت. تێگەیشتنە جیاوازەکان لە لێڤایەسان، کە لە ناو ئەدەبیاتی سیاسی و فەلسەفیدا خراونەتە ڕوو، گەنگەشە دەکرێن و پاشان تێگەیشتنێکی هاوچەرخ لە لێڤایەسانی هۆبز دەخرێتە ڕوو. دیدگای هۆبز بۆ سرووشتی مرۆڤ و سەروەری ڕەها کورت و پوخت دەکرێتەوە. دواجاریش ئەم لایەنە تیۆرییانە بە سەر نموونە پراکتیکییەکاندا، کە پێشتر باس کران، پیادە دەکرێن. لە ڕێگەی پیادەکردنی ئایدیا فەلسەفییەکان بە سەر نموونە پراکتیکییەکاندا، توێژیەوەکە دەتوانێت بگاتە ئەنجام.

## پلانی توێژینەوەکە

پلان یان نەخشەی توێژینەوەکە بەو جۆرە دارێژراوە کە سەرەتا لێڤایەسان وەك وشە لە ئەدەبیاتی ئاییندا ڕوون دەکرێتەوە. گرنگیی ئەم بەشە لەوەدایە بە هۆیەوە پەی بەوە دەبرێت بۆچی هۆبز ئەم وشەیەی وەك چەمك بەکار بردووە و ئەو تایبەتمەندییانەی لێڤایەسانی ناو ئەفسانەکان و دەقە ئایینییەکان کامانەن کە هۆبز لەو باوەڕەدایە کە لە ناو سەروەری ڕەهای دەسەڵاتدا هەن، یان لانی کەم دەبێت هەبن. دواتر قسە لە سەر لێڤایەسان وەك چەمك، نەك وەك وشە، لە ناو ئەدەبیاتی هۆبزدا دەکرێت. کتێبەکەی هۆبز، کە بە هەمان ناوەوە نووسراوە، دەخرێتە ڕوو. لێرەشدا پوختەیەك لە بیرۆکەکانی ناو کتێبەکە سەبارەت بە سرووشتی مرۆڤ و خەسڵەتی لێڤایەسان، ئەوەندەی کە خزمەت بە ئامانجی توێژینەوەکە بکات، ڕوون دەکرێتەوە. پاشان کارایی ئەم تیۆرە، کە ساڵی ١٦٥١ لە ئینگلەند نووسراوە، بۆ سەردەمی ئێستا و بۆ شوێنانیتر، دەخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. ئەمەش بە هێنانەوەی نموونە لە هەریەك لە دەوڵەتانی عێراق و ئیسپانیا و کارکردی ئەو دەوڵەتانە بەرامبەر بە پرسێکی هاوشێوە شیتەڵ دەکرێت. بەم شێوەیە بابەتە تیۆرییەکان بە سەر نموونە پراکتیکییەکاندا پیادە دەکرێن و توێژینەوەکە دەگاتە ئەنجام. لە دوایەمین بەشیشدا، پوختەیەك لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دادەڕێژرێنەوە.

## لێڤایەسان وەك وشە لە ئەدەبیاتی ئاییندا

وشەی لێڤایەسان، یان بە زمانی ئینگلیزی Leviathan، ئاماژەیە بۆ ئەژدیها یان دێوێکی گەورە و زەبەلاحی ئەفسانەیی کە لە دەریاوە سەر دێنێتە دەر و نموونەی نییە. لێڤایەسان گوزارشتە لە هێزی شەڕ و خراپە کە بە تێپەڕبوونی کات و سەردەمەکان مانا و دەلالەتەکانی گۆڕانیان بە سەردا هاتووە و لە ئەفسانەی ئوگاریتییەوە چووەتە ناو تەورات و ئینجیل و دواتریش لە ئەدەبیاتی دەرەوەی ئاییندا بەکار براوە.١ هەرچەندە لە دەقە ئایینییەکان، هەردوو پەیمانی کۆن و نوێدا، چەندین جار لێڤایەسان وەك وشە بەکار براوە و چەندینجاریتریش وەك سیمایەك لە هێزێکی مەزنی شەڕ و شازادەیەکی

دۆزەخ ئاماژەی پێدراوە، بەڵام بنەڕەتی ئەم وشەیە و ئەم بوونەوەرە ئەفسانەییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەفسانەکانی سەرزەمینی ئوگاریتیی کە دەکاتە سووریای ئێستا و هەروەها لە میتۆلۆژیای کەنعانیشدا بوونی هەبووە. دواجار ئەم وشەیە لە ساڵانی نێوان ١٧٠٠ بۆ ١٤٠٠ی پێش زایین وەك بەشێك لە ئەدەبیاتی میتۆلۆژیای کەنعانی و سەرزەمینی ئوگاریتی تۆمار کراوە.٢
لە کتێبی ئەیووب، پەیمانی کۆندا، بەم جۆرە باس لە لێڤیاسان کراوە:
«هەرکەس بیەوێت بیگرێت، ئەوا بە بینینی دەلەرزێت و هەوڵەکەی ناکام دەبێت _ هیچ کەس توانای ئەوەی نییە بیدۆێنێت و لە بەرامبەریدا بوەستێت - لە هەموو جیهاندا تاکە کەسێك نییە کە لەگەڵیدا بچێتە شەڕەوە و ڕووبەڕووی بوەستێت و بەرگەی بگرێت ... گیاندارێکە کە ناتوانرێت بە هەڵدانی قولاپ بۆ ناو ئاوەکە بەند بکرێت و ناتوانرێت دیل بکرێت ... کاتێك کە ئەو هەڵدەستێتەوە بەهێزەکان دەستەوەستان دەبن و دەکەون - شمشێر و ڕم و تیر و گورز کاری تێ ناکات».٣
هەروەها لە کتێبی ئەشعیادا باس لە لێڤیاسان کراوە و وەك مارێکی زەبەلاح وەسف کراوە. لێڤیاسان لە کتێبی ئەشعیادا سیمبوڵی دوژمنی نەناسراو و مێژوویی بەنی ئیسراوئیلە کە لە ڕۆژی دواییدا خودا بە شمشێری دادپەروەریی سزای دەدات، دەیکوژێت و ئەمەش دەبێتە کۆتایی شەڕ و خراپە. «لەو ڕۆژەدا (مەبەست ڕۆژی دواییە) خودا بە شمشێری دادپەروەریی ئەو (مەبەستی لێڤیاسانە) سزا دەدات، بە شمشێری تورەیی، مەزنی و هێز، لێڤیاسان، ئەم ئەژدیها زەبەلاحەی ناو دەریا سەردەبڕێت».٤ جگە لە پەیمانی کۆن، لە پەیمانی نوێی کتێبی پیرۆزیشدا، بە تایبەت لە کتێبی یوحەننادا، لێڤیاسان چەند جارێك ناو هێنراوە و ئاماژەی پێدراوە. لێرەدا، لێڤیاسان شازادەی دۆزەخە، دێوی چاوچنۆکییە کە یەکێکە لە حەوت گوناهە گەورەکان و ئەوانەی بەم گوناهە گوناهبارەن لەلایەن لێڤیاسانەوە، لە دۆزەخ، سزا دەدرێن، یان هەڵدەلووشرێن.٥
لە پەیمانی کۆندا، لێڤیاسان زیندووە، لە دەریایە، دەتوانێت هەموو بوونەوەرە بچووکەکانی ناو دەریا هەڵبلووشێت، جاروباریش سەردەردێنێت، بەڵام دواجار دەکوژرێت. بەڵام لە پەیمانی نوێدا، لێڤیاسان، هەم لەم دونیایەدایە و هەمیش لەو دونیاش بوونی دەبێت. لە هەردووکیشیاندا، لێڤیاسان بریتییە لە ئەژدیهایەکی زەبەلاح کە کەس وێرای ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵیدا نییە و ئەویش بە هەموو کەس دەوێرێت. بەکاربردنی ئەم مارە دەرياییە ئەفسانەییە بۆ ڕوونکردنەوەی هێزی خراپە یان دڕندەییە بەوەی کە چۆن دەتوانێت هەمووان بخاتە ژێر دەستی خۆی و چۆن گەورە هێزێك هەیە، هەموو وردە هێزەکان دادەپۆشێت.٦

## لێڤیاسان وەك چەمك لە فەلسەفەی سیاسیی تۆماس هۆبزدا

تۆماس هۆبز (١٥٨٨_١٦٧٩)، فەیلەسووفی بەریتانی، بۆ یەکەمجار وشەی لێڤیاسانی وەك چەمکێکی سیاسیی بۆ گوزارشتکردن لە دەوڵەت بەکار برد و کتێبێکی بە هەمان ناوەوە نووسی کە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٥٦١ چاپ و بڵاو کرایەوە.٧ وشەی دەوڵەت لای هۆبز، کە بە کۆمۆنوێڵس ئاماژەی پێدراوە، هاوشێوەی نووسینەکانی تری سەردەمی کلاسیك، هێندەی بە مانای دەسەڵات دێت، هێندە بە مانای دەوڵەت بە فۆرمە مۆدێرنەکەی نایەت. کۆمۆنوێڵس، یان دەوڵەت، لە فەلسەفەی هۆبزدا ئەو دەسەڵاتە دەگرێتەوە کە بە سەر خەڵکانێکدا و لە سنوورێکی جیۆگرافیی دیاریکراودا جێبەجێ دەکرێت. کۆمۆنوێڵس سەروەرییەکی هەیە کە پەیوەستە بە سەروەرەکەیەوە و بوونی خۆی لەو ئارامییەدا دەبینێتەوە کە بە توندوتیژیی بەرهەم دێت. دەکرێت لە چوارچێوەی فەلسەفەی هۆبز و لە لێڤیاساندا، تێگەیشتن لە دەوڵەت وا لێك بدرێتەوە کە زاڵبوونی سەقامگیریی بە سەر بێسەروبەریدا، بریتییە لە دەوڵەت.
کتێبی لێڤیاسانی هۆبز بە شاکارێکی گرنگی ڕۆژئاوایی سەبارەت بە تیۆری دەوڵەت و حوکمڕانی دادەنرێت کە بووتە هەوێنی هەزاران کتێب و نووسینتر. ئەم کتێبە لە چوار بەشی سەرەکیی پێك دێت کە بریتین لە: سەربارەت بە مرۆڤ،

سەبارەت بە دەوڵەت، سەبارەت بە دەوڵەتی مەسیحی و سەبارەت بە شانشینی تاریکی.٨ هەر یەك لەو بەشانە بە وردی لە ناونیشانی بەشەکە دەکۆڵنەوە، ئامانجی سەرەکیی کۆی لێکۆڵینەوەکانیش بریتییە لە خستنەرووی بیرۆکەی گرێبەستی کۆمەڵایەتی و سەرهەڵدانی لێڤایەسان یان سەروەری ڕەها.

لێڤایەسان بەناوبانگترین بەرهەمی نووسینی هۆبزە و نووسینی ئەم کتێبە سەرئێشەی زۆری بۆ نووسەرەکەی دروست کرد. لەگەڵ ئەوەدا کە کلێسای پرۆتستانتی بەریتانیا هۆبزی وەك خوداناسێك ناساند، بەڵام کلێسای کاسۆلیك بە توندی ڕەخنەی لەو بۆچوونەی هۆبز گرت کە تیایدا داوا دەکات پیاوانی ئایینی، یان دینی، پەیڕەویی لە پیاوانی سیاسی، یان دنیایی، بکەن. لەلایەکی ترەوە، تەنانەت کەسانی لایەنگری ڕژێمە شاهەنشاهییەکان هۆبزیان دایە بەر ڕەخنە و گازەندە، چونکە بە گوێرەی تیۆری تۆماس هۆبز بۆ دەوڵەت، کە دەوڵەت لە ئەنجامی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت، سەرچاوەی ڕەوایەتیی دەوڵەت، یان دەسەڵات، لە خوداوە بۆ گەل گوازریەوە.٩

لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی بیری هۆبز، کە لە لێڤایەسانیشدا ڕەنگیان داوەتەوە بریتین لە: عەقڵگەرایی، ماددەگەرایی و جەبرگەرایی.١٠ هۆبز، هەر وەك نیکۆلۆ دی بێرناردۆ مەکیاڤیلی لە کتێبی میردا،١١ بەرلەوەی دۆکترینێك سەبارەت بە فەلسەفەی سیاسیی و دەوڵەت پێشکەش بکات، دەست دەکات بە شیکارێکی وردی سرووشتی مرۆیی و بە ڕێگایەکی سایکۆلۆژییانە لە ماهییەتی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە. بە بڕوای هۆبز، دوو جۆر لە ئارەزوو یان خواست لە ناو بوونی مرۆڤدا هەن کە ڕووبەڕووی یەکدی دەوەستنەوە، هەندێك لەوانە لە چوارچێوەی دەستەی یەکەمدا بریتین لە خۆشەویستیی بۆ زانین، خۆشەویستیی بۆ ژیان، خۆشەویستیی بۆ ئاسایش و ئارامی و هەروەها ترس لە مردن. هەموو ئەم ویستانەی ناو دەستەی یەکەم مرۆڤ بەرەو ژیانکردن یان پێکەوەژیانی ئاشتییانە لەگەڵ ئەوانیتر هان دەدات. لە بەرامبەر ئەم دەستەیەدا، دەستەیەکیتر لە خواست و ئارەزوو هەن، لەوانە: خۆپەرەستی و خۆخوازی، دەسەڵاتخوازی و هەروەها ویستی بەرابەری و یەکسانی، کە لە بنەڕەتدا خەیر و باشەیە، بەڵام دەبنە هۆی ئەوەی لێنەگەڕێن مرۆڤ ئاشتییانە لەگەڵ یەکتردا هەڵ بکەن.١٢ هۆبز لەو باوەڕەدایە کە خواستەکانی دەستەی دووەم بە سەر دەستەی یەکەمدا زاڵن. ئەو پێی وایە کە پێویستە لەم سۆنگەیەوە شیکاری هەموو ئەو شەڕوشۆڕانە بکرێت کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا و لە نیوان مرۆڤەکاندا ڕوویانداوە.١٣

هۆبز، لە لێڤایەساندا، ئەوە دەخاتە ڕوو کە سێ هۆکاری سەرەکیی هەن کە بەردەوام پاڵ بە تاکەکانەوە دەنێن بەردەوام بن لە سەر بگرەوبەردەکان و ئەمەش شەڕی نێوانیانی لێدەکەوێتەوە. ئەو پێی وایە تاکەکان لە سەر بە دەستهێنانی سوودی زیاتر هەمیشە لە کێبڕکێدان و هێرش دەکەنە سەر یەکتر، تاکەکان یەکتر بە سەرچاوەی ترس دەزانن و لە پێناو گەرەنتیکردنی ئاسایش و ئارامیی خۆیاندا هێرش دەکەنە سەر یەکتر، هەروها مرۆڤ بەردەوام بە دوای ئەوەوەیە کە ناوبانگ و پێگەیەکی باشتر کە زیاتر جێگەی شانازی بێت بە دەست بێنێت و لە پێناو ئەمەشدا شەڕ دەکات.١٤

بە بڕوای هۆبز لە ناو ئەو ویستانەدا، ویستی بەدەستهێنانی هێز و دەسەڵات بەهێزترینە و بۆ هەمیشە لەگەڵ مرۆڤدا دەمێنێتەوە، چونکە مرۆڤ تەنها لە ڕێگەی هێز و دەسەڵاتی زیاترەوەیە کە دەتوانێت هەڕەشەکان لە خۆی دوور بخاتەوە. هەر بۆیە بە بڕوای هۆبز دەستگەیشتن بە دەسەڵات گرنگترین ئامانجی ژیانی هەر کەسێکە لە ژیانی خۆیدا. هەر لەم ڕووەوەیە کە هۆبز پێی وایە مرۆڤ سەرجەمی کارەکانی لە سەر دوو بنەمای ‹ترس و بەرژەوەندی› ئەنجام دەدات.١٥

ترس لەوانیتر لەوەی ببنە هۆی لە دەستدانی ئەوەی کە هەیەتی لە دەسەڵات و توانست، هەروەها ئارەزوی بۆ هێز و دەسەڵات وا لە مرۆڤ دەکات بۆ دوورخستنەوەی هەڕەشەکان هەڵبکوتێتە سەر سەرچاوەی ترسەکان و کار لە سەر پاراستن و زیادکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی بکات، ئەمەش هەر ئەو شەڕەیە کە هۆبز بە ‹شەڕی هەمووان لە دژی هەمووان› ناوی دەبات. ئەم شەڕەش بەردەوام دەبێت و ئەو بارەی کە هەمیشە ئەگەری شەڕ هەیە و کەس لە دەستی کەس

پارێزراو نییە هەر وەك خۆی دەمێنێتەوە، چونكە مرۆڤەكان لە سرووشتدا بە نزیكەیی یەكسانن لە ڕووی تواناكانیانەوە و هاوكات لەبەرئەوەشە كە كۆمەڵی مرۆیی لە باری سرووشتیدایە و هیچ یاسا و دەستەڵاتێكی باڵا نییە تا بتوانێت ڕێگری لە هەڵگیرسان و بەردەوامیی ئەم شەڕە بكات. ئەوەی حوكم دەكات یاسای دارستانە و ئەوەی دەستەڵاتی زیاتر و بەهێزتر بێت، دەبێتە نوێنەری ڕاستی.

تیۆری هۆبز، لە تەنیشت بیریارانی تری گرێبەستی كۆمەڵایەتی، هەوڵێكە بۆ گوێزانەوەی كۆمەڵی مرۆیی لە باری سرووشتییەوە بۆ باری مەدەنی. بۆئەوەی ئەم وەرچەرخانە بێتە ئارا، پێویستە تاكەكان لە ناو خۆیاندا ڕێك بكەون، ئەم ڕێككەوتنە گرێبەستی پێكهێنانی دەوڵەتە، دەوڵەتێك كە دەستەڵاتی بە سەر هەموو تاكەكاندا هەبێت، بتوانێت ترسیان لە سەر كەم بكاتەوە و بەرژەوەندییەكانیان بپارێزێت.١٦ كەواتە دەوڵەت ئەنجامی ئەو ترسەیە كە تاكەكان لە یەكتر هەیانە و ڕێگای دروستكردنیشی بریتییە لەوەی تاكەكان سازش لە سەر بەشێك لە ئیرادە و دەستەڵاتی خۆیان دەكەن تا یەكەیەكی بە دەستەڵات و بە ئیرادە دروست بكەن كە بتوانێت ببێتە حاكم و ناوبژیوانی شەڕی نێوان تاكەكان.

هۆبز لە لێڤایەساندا، هاوشێوەی ماكیاڤیلی لە میردا، تایبەتمەندییەكانی فەرمانڕەوا، فەرمانڕەواكان، یان فەرمانڕەوایی دادەڕێژێت. لە چوارچێوەی تیۆرێكی سیاسیی فەلسەفییدا، دەوڵەتێك دروست دەكات كە بتوانێت خەڵكەكەی كۆنترۆڵ بكات و كۆمەڵگاكەی لە ئاژاوە و بێسەروبەری بپارێزێت. هۆبز بۆ ڕەنگرێژكردنی بنەماكانی دەوڵەتەكەی پشت بە سرووشتی مرۆیی دەبەستێت و لەو باوەڕەدایە كە مادام دەوڵەت دیاردەیەكی مرۆییە، كەواتە پێویستە لە سەر بنەمای سرووشتی مرۆڤ شكڵ بگرێت. ئەو پێی وایە پێویستە دەوڵەت، دەستەڵات یان سەروەر هێندە بەهێز بێت كە بتوانێت ببێتە هێزی یەكەم و ئەو بێسەروبەرییەی كە لە ناو سرووشت، سرووشتی مرۆیی و كۆمەڵگادا هەیە نەهێڵێت. هێزێكی لەم چەشنە، هیچ نییە جگە لە لێڤایەسانێك كە لە دەریای كۆمەڵگادا حوكم دەكات و هەموو وردە هێزەكان هەڵدەلووشێت.١٧

هۆبز بۆ شكڵگرتنی تیۆرەكەی سوود لە بیرۆكەی لێڤایەسان وەردەگرێت كە لە ئەفسانە كۆنەكانی ئوگاریت و پەیمانی كۆن و نوێی كتێبی پیرۆزدا هاتووە. ئەو پێی وایە، وەك چۆن لێڤایەسان حاكمی ڕەهای دەریایە، پێویستە بەهەمانشێوەش، دەوڵەت فەرمانڕەوای ڕەهای كۆمەڵگا بێت.١٨ لە ڕاستیدا، هۆكاری ئەوەی كە هۆبز دەستەڵاتێكی هاوشێوەی لێڤایەسان دەداتە فەرمانڕەوا یان فەرمانڕەواكان، لە ناو مێژووی فەلسەفەدا، گفتوگۆی جیاوازی هەڵگرتووە. بەشێك لەو باوەڕەدان كە هۆكاری ئەمە بەرگریكردن بووە لە دەستەڵاتی پادشا و كۆی مەرامی نووسینی لێڤایەسان بریتییە لەوەی كە هاوشێوەی بەرگرینامەیەك سوود بە دەستەڵاتی دونیایی و ڕۆحیی پادشا بگەیەنێت.١٩ هاوكات بەشێكیتر لە لێكۆڵەرەوان لەو باوەڕەدان كە مەرامی هۆبز لە نووسینی لێڤایەسان بەرگریكردن بووە لە خەڵك، ئەمەش لە سەر ئەو بنەمایەی كە هۆبز نموونەیەك لە فەرمانڕەوایی دێنێتە ئارا كە ڕەوایەتییەكەی پشتئەستوورە بە ڕەزامەندیی گەل، نەك بەهێزی فەرمانڕەوا.٢٠ چونكە لە تیۆرەكەی هۆبزدا، گەڵ ڕەزامەندانە و بە ویستی خۆی بەشێك لە دەستەڵاتەكانی، لە پێناو ئاسایشی خۆیدا، دەبەخشێتە فەرمانڕەوا، یان دەستەی فەرمانڕەواكان.

بە شێوەیەكی گشتی، بە خوێندنەوەی لێڤایەسان، ئەوە ڕوون دەبێتەوە كە هیچ ئاماژەیەكی ڕوون و دیار نییە كە هۆبز بانگەشەی ئەوە بكات كە لێڤایەسان و ئەو فۆڕمە لە دەوڵەت كە ئەو پێشنیازی دەكات باشتر بێت لە فۆڕمێكیتری دەوڵەت و ئەوەی هۆبز ڕەخنەی لێدەگرێت بریتیی نییە لە فۆڕمێكی دیاریكراوی دەوڵەت، بەڵكو لە ڕاستیدا، بریتییە لە تێگەیشتنێكی جیاواز لە سرووشتی مرۆیی و بە دیاریكراویش بریتییە لە تێگەیشتنی جیاواز لە بارودۆخی مرۆڤ لە باری سرووشتیدا.٢١

باری سرووشتی لای هۆبز بریتییە لە باری شەڕ، جەنگ. بارودۆخێكە كە مرۆڤەكان لە كێبڕكێدان لە پێناو بەدەستهێنانی ئاسایش، سامان و پێگە. لە دیدی هۆبزەوە، باری سرووشتی بارێكە سرووشتی مرۆیی دیاریی كردووە و ترس وایكردووە زەوی

ببێتە گۆڕەپانی شەڕ، شەڕی هەمووان لە دژی هەمووان.٢٢ لەم بارەدا، کە هێشتا کۆمەڵی سرووشتی بۆ کۆمەڵگای مەدەنی نەگۆڕدراوە، بەریەککەوتنی بەرژەوەندیی و ئیرادەی مرۆڤەکان، شەڕێکی لێکەوتووەتەوە، شەڕێکی بەردەوام و سەرتاپاگیر.٢٣هۆکاری بەردەوامیی ئەم شەڕە، بە بڕوای هۆبز، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تاکەکان لە ڕووی هێز و دەسەڵاتەوە، تا ڕادەیەکی زۆر، لێك نزیکن یان یەکسان و بەرابەرن. هەر بۆیەشە کەس ناتوانێت بە هێزی خۆی، هێزی هەموویان سەرکوت بکات. ئەمە سەرەتای دەرکەوتنی پێویستیی لێڤایەسانە کە هێزی لە هی هەمووان زیاترە و بە هۆیەوە شەڕی وردە هێزەکان دەوەستێت. هەڵبەت، خودی لێڤایەسان، دەوڵەت _ دەسەڵات، ئەم هێزەی خۆی لە هێزی تاکەکانەوە وەردەگرێت، بەوەی تاکەکان کۆك دەبن لە سەر ئەوەی بەشێك لە هێزی خۆیان بە کەس یان کەسانێك بدەن تا ببێتە هێزی باڵا و هێزە نەوییەکان، کە بەردەوام لە شەڕی دژ بە یەکتردان، لە یەکدی بپارێزێت.

لە ڕاستیدا، کرۆکی ئایدیای دەوڵەت لە لێڤایەسانی هۆبزدا لە سەر ئەوە ڕادەوەستێت کە ژیانی مەدەنیی مرۆڤەکان، کە قۆناغی پاش ژیانی سرووشتی و ئەنجامی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتییە، بخرێتە ژێر دەسەڵاتی سەروەرێکی ڕەها کە مومارەسەی سەروەریی ڕەهای خۆی بکات. گرنگترین دەرکەوتەی ڕەهایەتیی سەروەریی ئەم سەروەرە بریتییە لەوەی کە دەسەڵاتی ئەوەی هەیە بڕیار لە سەر مەرگ و ژیانی تاکەکان بدات. هەڵبەت، نابێت ئەوەش فەرامۆش بکرێت کە سەروەری ڕەها ئەم دەسەڵاتەی خۆی لە خودی تاکەکانەوە وەردەگرێت و بە نوێنەرایەتی هەموو تاکەکانی کۆمەڵ/کۆمەڵگا بڕیارەکانی خۆی دەردەکات و دواجار وا دەکەوێتەوە کە سەروەری ڕەها لە بری تاکەکان، نەك وەك خۆی، دەسەڵاتەکانی تاکەکان، نەك هی خۆی، مومارەسە دەکات.

## کارایی تیۆری هۆبز بۆ دەوڵەت لە سەردەمی هاوچەرخدا

لێرەدا، بە پشتبەستن بە چەند ئارگیومێنتێك، هەوڵدەدرێت هەڵسەنگاندن بۆ کارایی تیۆری هۆبز و زیندوویی لێڤایەسان لە سەردەمی هاوچەرخدا بکرێت. ئەم بابەتە لە دوو سۆنگەوە هەڵدەسەنگێندرێت و شرۆڤە دەکرێت: یەکەمیان بریتییە لە لایەنی تیۆری کە شیکاری ئەو پرنسیپانەی ناو فەلسەفەی هۆبز دەکات کە وا لە تیۆرەکەی دەکەن بۆ سەردەمی هاوچەرخیش بشێن. دوومیان، کە دەکەوێتە بەشی داهاتوو، بریتی دەبێت لە وەرگرتنی دوو نموونەی پراکتیکی لە کاری دوو دەوڵەت کە چۆن لێڤایەسان ئاسا هەوڵی هەڵلووشینی هەموو کۆمەڵگا دەدەن و چۆن ڕێ لە گەڕانەوەی کۆمەڵگا بۆ بارودۆخی پێش گرێبەستی کۆمەڵایەتی دەگرن، ئەوانیش بریتین لە هەریەکە لە عێراق و ئیسپانیا. لەم دوو نموونەیەدا کارکردی عێراق بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان و هەنگاوەکانی بۆ سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە عێراق و هەروەها کارکردی ئیسپانیا بەرامبەر بە هەرێمی کەتەلۆنیا و هەنگاوەکانی بۆ سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە ئیسپانیا شرۆڤە دەکرێن و ڕەگەزە لێڤایەسانییەکانی ناو ئەم دوو دەوڵەتە لەم نموونانەدا دەدۆزرێنەوە.

بەشێوەیەکی گشتی، دەتوانرێت بگوترێت کە لەبەرئەوەی تیۆری هۆبز بۆ دەوڵەت پشتئەستوورە بە سرووشتی مرۆڤ و سرووشتی مرۆڤیش نەگۆڕە، کەواتە تیۆرەکە بۆ سەردەمی ئەمڕۆش تا ڕادەیەکی زۆر، یان تا هێندەی سرووشتی مرۆڤ وەك ئەوەی سەردەمی نووسینی لێڤایەسان بێت، دەشێت. جیا لەمە، هۆبز باوەڕی بەوە هەیە هەر شتێك کە ڕوو دەدات، پێویستیی ڕوودانی لە ئارادایە.٢٤ ئەم بیرۆکەیەی هۆبز جۆرێك لە حەتمییەت دەبەخشێتە ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە کۆمەڵی مرۆییدا ڕوودەدەن و دواجاریش سەرهەڵدانی سەروەرێکی ڕەها، لێڤایەسان، بە پێویست دەزانێت بەو مانایەی کە ئەوە پێویستیی هەبوونی لێڤایەسانێك بووە وایکردووە لێڤایەسانێك دروووست ببێت، نەك ئەوەی خودی لێڤایەسانەکە خۆی وەك دیفاکتۆیەك سەپاندبێت. کەواتە دەتوانرێت لەمەوە ئەوە هەڵبهێنجرێت کە ئەوەی ئێستاش ڕوودەدات، ئەنجامی بوونی ئەو پێویستییەیە کە لە سەردەمی هاوچەرخدا هەیە و هاوکات ڕەفتار و کارکردی دەوڵەتانی ئێستاش ئەنجامی

پێداویستییەکانی سەردەمی خۆیانە. پرسی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە ئایا دەوڵەتی هاوچەرخ، هاوشێوەی دەوڵەتەکەی ناو لێڤایەسانی هۆبز ڕەفتار دەکات؟ ئایا ئەوەی گۆڕانی بە سەردا هاتووە تەنها گۆڕانێکە لە میکانیزم و شێوازەکانی کارکردنی دەوڵەت، یان جەوهەری مومارەسەری کاری دەوڵەت گۆڕدراوە و دەوڵەتی هاوچەرخ لە دەوڵەتی سەردەمی نووسینی لێڤایەسان جیاوازە. سەبارەت بە دەستەڵات، لە ناو ئەدەبیاتی پەیوەندیدار بە فەلسەفەی سیاسیدا، زۆرجار ئاماژەوە بەوە دراوە کە دەستەڵات جەوهەرێکی نەگۆڕە و ئەوەی گۆڕدراوە بریتییە لە ڕووکار، دەرکەوتە و ماسکی دەستەڵات نەك خودی دەستەڵات.٢٥ لێرەدا، مەبەستەکە هەڵسەنگاندنی شیاویی تیۆری هۆبزە بۆ دەوڵەت لە سەردەمی هاوچەرخدا و هەربۆیە قورسایی بابەتەکە لە سەر گریمانەی درووستیی تیۆری هۆبز بۆ دەوڵەتە لە سەردەمی هاوچەرخدا و هەر ئەمەش شیکار و شرۆڤە دەکرێت.

یەکێك لە بنەما گرنگەکانی فیکری هۆبز لە لێڤایەساندا بریتییە لەوەی کە ئەوەی پێویستە پارێزەری تاکەکان بێت و چاودێرییان بکات بریتییە لە دەوڵەت، وەك دامەزراوە، نەك تاکەکان وەك تاکە کەس. هۆبز لەو باوەڕەدایە، مادام تاکەکان لە ڕووی هێزەوە، تا ڕادەیەکی زۆر، یەکسانن، کەواتە ناتوانن خۆیان لە شەڕی یەکدی بپارێزن، بۆیە پێویستە بەشێك لە هێز یان ئیرادەی خۆیان بدەنە دەست سەروەرێك تا سەروەرەکە بتوانێت بە هۆی هێزی ئەم تاکانەوە ببێتە سەروەرێکی ڕەها و لەم ڕێگەیەشەوە تاکەکان لە شەڕی یەکدی بپارێزێت.٢٦

ئەم هاوکێشەیە لە سەردەمی هاوچەرخیشدا هەر چالاك و بەکارە. لە دەوڵەتانی مۆدێرندا، ئەمە تەنانەت بە یاساییکراوە، بۆ نموونە: تاکەکەس تەنانەت لە ئاستێکی زۆر سنووردارda دەتوانێت بەرگریی لە خۆی بکات و مافە زەوتکراوەکانی خۆی بە دەستی خۆی بە دەست بێنێت، دەوڵەتی مۆدێرن، بە یاسا، ئەم مافەی، مافی بەرگرییکردن لە بەرژەوەندییەکانی، لە تاکەکان سەندووەتەوە و داویەتیە دەست دەزگای دەوڵەت و ئەوە دەوڵەتە کە مافی زەوتکراوی تاکەکەسێك لە تاکەکەسێکیتر وەردەگرێتەوە، هەڵبەت ئەگەر وەریبگرێتەوە.

دەوڵەتی مۆدێرن، هاوشێوەی لێڤایەسان، لە دێوێك دەچێت کە هەموو شت هەڵدەلووشێت و هەموو شتی لە ژێر کۆنترۆڵدایە. لێرەدا، تەنها وەك نموونە، دەتوانرێت ئاماژە بە چەند بابەتێك بکرێت کە دەوڵەتی مۆدێرن هاوشێوەی لێڤایەسان سەروەری ڕەهایە و تەنانەت لە هەندێك نموونەشدا لێڤایەسانیش تێدەپەڕێنێت و زیاتریش دەڕوات. ئەگەر لیبرالیزمی سەرمایەدارانە بەشێك لە کۆمپانیاکانی لە دەوڵەت سەندبێتەوە و ڕادەستی کەرتی تایبەتی کردبن، بەڵام ئەوە هەر دەوڵەتە کە یاساکانیان بۆ دادەنێت و بە ناچاریی ملکەچی یاساکانی باجیان دەکات. ئەگەر دەوڵەتی هاوچەرخ، ئازادیی تاکەکانی زیاتر کردبێت، بەڵام لە ڕاستیدا، لە بەرامبەردا، چاودێریی پەیوەندییەکان، بەکاربردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، داهات و خەرجیی تاکەکان دەکات، کارێك کە بە لێڤایەسانەکەی هۆبز نەدەکرا و ئێستا دەوڵەتی مۆدێرن، بە هۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاوە، دەتوانێت بیکات و دەشیکات.٢٧

لە زۆر نموونەی دەوڵەتانی هاوچەرخدا، دەوڵەت خۆی بە لێڤایەسان دەچوێنێت و بە ئاشکراش جاڕی ئەوە دەدات، ئەمەش لەو ڕووەوە کە لە ئەگەری نەمانی سەروەر، دەستەڵات و دەوڵەتدا، کۆمەڵگا بۆ بارە سرووشتییەکەی دەگەڕێتەوە و شەڕی هەمووان لە دژی هەمووان بەرپا دەبێتەوە. نموونەکانی عێراقی دوای سەددام حوسەین و لیبیای دوای موعەمەر قەزافی سەلمێنەری ئەوەن کە چۆن ئەو کۆمەڵگایانە بە هێزی ڕەهای سەروەرەکانیان کۆنترۆڵ دەکران و ئاژاوە و بێسەروبەری چەندە لە ژێر پێستی ئەو کۆمەڵگایانەدا ئامادەیی هەبوو.

لێڤایەسان بە درێژایی مێژووی دەوڵەت ئامادەیی هەبووە و سەروەری کۆمەڵگاکان بووە. ئەگەر لێڤایەسانی ناو ئەفسانە و تێکستە ئاینییەکان پشتئەستوور بووە بە میتۆلۆژیا و تیۆلۆژیا، ئەوا لێڤایەسانی سەردەمی مۆدێرن ڕەوایەتیی بوونی خۆی لە ئایدیۆلۆژیاوە وەرگرتووە. فریدریك ڤۆن هایك، فەیلەسووف و ئابووریناسی نەمسایی، لەو باوەڕەدایە کە لێڤایەسان

لە سالانی بیست و سییەکانی سەدەی بیستەمدا و لە ئەوروپای ناوەندی خۆی لە ئایدیۆلۆژیاکانی سۆسیالیزم-کۆمیۆنیزم و هەروەها ناسیۆنالیزم-سۆسیالیزمدا دەبینێتەوە. بە بڕوای هایك، هەریەك لەم ئایدیۆلۆژییانە ئازادییەکانی تاکەکانیان زەوت کردووە و فەرمانی دەوڵەتیان بە سەر تاکەکاندا سەپاندووە.٢٨

لە سەردەمی هاوچەرخیشدا، ئایدیۆلۆژیا نوێیەکان، یان دۆکترینە هاوچەرخەکان، هۆکارن بە دەست دەوڵەتەوە تا ڕۆڵی لێڤایەسانیی خۆی بگێڕێت. ٢٩کاپیتالیزمی بەکاربەرەکی، مۆدێلگەرایی کالا، ستەمکاریی سۆفت و بە دەوڵەتیکردنی زانیاریی تاکەکەسیی هەموو بە جۆرێك سیفەتی لێڤایەسان بە دەوڵەتی هاوچەرخ دەبەخشن، دەبنە سەرچاوی خۆراکی لێڤایەسان و لێناگەڕێن لێڤایەسان بمرێت. لە ڕاستیدا، ئەوە کە دەوڵەت دەبزوێنێت، ئاراستەی دەکات و بەرەو ئامانجی بالای خۆی کە بریتییە لە زاڵبوون بە سەر ئاژاوە، مانەوە و گەشەدان بە هێزی خۆی، پاڵ پێوە دەنێت. بە پێی مۆدێلی هۆبز لە گرێبەستی کۆمەڵایەتی، کە گرێبەستی لەدایکبوون، شکڵگرتن و گەورەبوونی دەوڵەتە، دەوڵەت بەو هێزەی کە هەیەتی دەتوانێت بمێنێتەوە و خۆی لە شەڕی وردە هێزەکان بپارێزێت و وردە هێزەکانیش لە شەڕی یەکدی بپارێزێت.٣٠

سەردەمی هاوچەرخ، بە دەر نییە لەو وردە هێزانەی کە بە سرووشتی مرۆیی خۆخواز، دەستەلاخواز و بەرژەوەندیخوازن، بەڵکو تەنانەت ئەم هێزانە لە سەردەمی نوێدا گەورەترن و شێوەی ڕێکخراو وەر دەگرن و لە سەر بنەمای ئیتنی، ئایدیۆلۆژی یان بەرژەوەندیی تر خۆیان ڕێکدەخەن و کار بۆ ویستە مرۆیی و ڕێکخراوەییەکانیان دەکەن. پارتی سیاسیی-چەکداریی وەك پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە لە تورکیا، هێزە چەکدارییە شۆڕشگێڕییەکانی کۆلۆمبیا - فارك لە کۆلۆمبیا و پڵینگەکانی تامیل لە سریلانکا هەروەها پارتە کوردییەکان لە عێراق و ئێران، پارتە کەتەلۆنیە سەربەخۆخوازەکان لە ئیسپانیا، پارتە سەربەخۆخوازەکانی باسك لە فەرەنسا، سکۆتلەندییە سەربەخۆخوازەکانی بەریتانیا، فلاندەرزەکان لە بەلجیکا و ڕێکخراوە سەربەخۆخوازەکانی کیوبیك لە کەنەدا، جووڵانەوەکانی باشووری یەمەن و ڕێکخراوەکانی خوازیاری سەربەخۆیی کالیفۆرنیا، هەموو نموونەی ئەو هێزە ڕێکخراوانەن کە دەیانەوێت بە گژ لێڤایەسانی دەوڵەتدا بچنەوە و دەوڵەتیش لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم هێزانە کەمتەرخەمیی نەنواندووە. لە ڕاستیدا، جەوهەری مامەڵەی هەر یەك لەو دەوڵەتانە بەرامبەر بەو هێزە ڕێکخراوانە وەك یەکە و ئەوەی جیاوازە بریتییە لە میکانیزمەکانی ڕووبەڕووبوونەوە و شێوازەکانی مامەڵەکردن، نەك جەوهەری سەپاندنی هێز و ئامانجی زیندووهێشتنەوەی لێڤایەسان.

هەڵبەت، نابێت ئەوە فەرامۆش بکرێت کە لە دەوڵەتی هاوچەرخدا، سۆڵیدارێتیی کۆمەڵایەتی تا ئاستێکی باش، لە هەندێك ناوچەدا، بەدی هێنراوە و درووشمی ‹تاك بۆ هەمووان و هەمووان بۆ تاك›، وەك پرنسیپێکی ئەم کۆمەڵگایانە، تا ڕادەیەك، چەسپێندراوە و ئەمەش دووبارە لە پێناو هێشتنەوەی یەکێتیی دەوڵەتدایە کە یەکێتیی گەل دەخاتە بەر بەزەیی لێڤایەسان. لەگەڵ هەموو ئەمەشدا، پێویستە ئەوە لە بەر چاو بگیرێت کە دەوڵەتی هاوچەرخ بۆ گەرەنتیکردنی ئامانجەکانی زیاتر پشت بە هێزی نەرم دەبەستێت، هەرچەند بەکاربردنی هێزەی ڕەقیش کۆتایی نەهاتووە و لە بەرەکانی شەڕە ناوخۆییەکان و هەروەها لە ناو بەشێك لە بەندیخانەکانیشدا هەر بەکارە. دەوڵەتی هاوچەرخ زۆر زیاتر لە دەوڵەتی تراديشناڵ خاوەن هێز و بەهێزترە، ئەمەش لەبەر بەهێزی تاکەکان، کە لە چوارچێوەی دۆکترینی دیموکراسیی نوێنەرایەتیدا، زۆرینەی خەڵك بەشێکی زیاتر لە هێزی خۆیان، لە چوارچێوەی ئیرادەدا، دەدەنە دەوڵەت و دواجاریش ئیرادەی گشتی، کە دەوڵەت نوێنەرایەتی دەکات، دەبێتە ئیرادەیەکی بەهێزتر.

هەموو ئەمانە سەرەڕای پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەکان، کە دەوڵەت مۆنۆپۆڵی بەشێکی زۆریان دەکات. بە پێچەوانەی کۆمەڵگا تراديشناڵییەکان کە هێز، هێزی بازوو و چەکی سەرەتایی بوو و هەمووکەس دەیتوانی هەیبێت، لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا ئەگەر کشتوکاڵ لای گەل بێت، نەوت و سەرچاوە سرووشتییەکان لای دەوڵەتن، ئەگەر هۆڵەکانی لەشجوانی لای گەل بن، پیشەسازییەکانی درووستکردنی چەك لای دەوڵەتن، ئەگەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لای گەل بن، سێرڤەری تۆڕەکان لای

دەوڵەتـە. بـەم جـۆرە، قۆرخکارییـەك لـە هێـزە ئابـووری، پیشەسـازیی و تەکنۆلۆژییەکانـدا هەیـە کـە دەوڵـەت دەکاتـە خـاوەن هێزێـك کـە گـەل و تاکـەکان لێـی بێبـەش بـن.

لـە ڕاسـتیدا، بانگەشـەی ئـەوەی کـە دەوڵەتـی مۆدێـرن لـە شـێوەی یەکەیەکـی دیموکراتیکـدا سـەریهەڵداوە، بووەتـە هـۆی ئـەوەی کـە بوونـی ئـەم دەوڵەتـە نەبێتـە بابەتێـك کـە بخرێتـە دانوسـتانەوە یـان گفتوگـۆ هەڵبگرێـت. هـاوکات، دەوڵەتـی مۆدێـرن دەوڵەتێکـە کـە بنەماکانـی ئیدارەکردنـی، کـە زیاتـر لـە شـێوەی دەسـتووریکدا خـۆی دەردەخـات، دانـراوی دەسـتی دەسـتەڵاتە، ئەو دەسـتەڵاتەی نوێنەرایەتیـی گـەل دەکات. بەمـەش جارێکیـتر دەوڵـەت وەك یەکەیەکـی ڕەهـا سـەیر دەکرێـت کـە ڕێگـە نادرێـت کـە لەوپـەڕی ئازادیشـدا قسـە لـە سـەر مەشرووعییەتـی بکرێـت و ڕێگـە نادرێـت پرسـیار لـە سـەر شـەرعییەتی بکرێـت. دەوڵەتـی هاوچـەرخ، هاوشـێوەی لێڤایەسـانی نـاو ئەفسـانەکان و نـاو نووسـینەکانی هۆبـز، دەسـتەڵاتی ڕەهـای بڕیاردانـی هەیـە، بڕیـارە ناوخۆیـی و دەرەکییـەکان. ئـەم دەسـتەڵاتەی خۆشـی، هاوشـێوەی دەسـتەڵاتی لێڤایەسـان، لـە تەفویـزی گەلـەوە وەردەگرێـت. گـەل لـە بەرامبـەر پاراسـتنی لـە هەڕەشـەکان، کـە لـە ڕاسـتیدا خـودی دەوڵـەت لـە زۆر بـاردا هەڕەشـەی یەکەمـە، بەشـێك لـە دەسـتەڵات، ئازادیـی و سـەربەخۆییەکانی خـۆی دەبەخشـێتە دەوڵـەت و هـاوکات ئەرکەکانـی وەك باجـدان، بەشـداریکدان لـە خزمەتـی سـەربازیی و پابەندبـوون بـە یاسـا دەرکراوەکانـی دەوڵـەت، جێبەجێـدەکات. دەکرێـت بگوترێـت کـە جەوهـەری ئەمـە هـەر هەمـان فەلسـەفەی حوکمڕانییکردنـی لیڤایەسـانە. ئەمـە بوونـی سـەروەرێکی ڕەهایـە و کەمـتر لـەو دیموکراسـییە دەچێـت کـە لـە تیۆرەکانـدا باسـی لێوەکـراوە. ئەمـە مامەڵـەی نێـوان تاکـەکان و هێزێکـی باڵایـە کـە لـە سـەردەمی مۆدێـرن و هاوچەرخـدا بـە ماسـکی دیموکراسـییەوە ڕۆڵـی لێڤایەسـان دەگێڕێـت.٣١ لـە نموونـە هاوچەرخەکانـدا، لەگـەڵ ئـەوەدا کـە پادشـایەك یـان دیکتاتۆرێـك لـە ئارادا نییـە، بـەڵام گـەل لـە ژێـر بەزەیـی و فەرمانـی سـەروەرێکدان کـە خـۆی لـە چوارچێـوەی دەسـتوورێك یـان سیسـتەمێك، نـەك تاکەکەسـێکدا، دەبینێتـەوە کـە ئازادییەکانـی گـەل، لەگـەڵ ئـەوەدا کـە «گەرەنتـی» دەکات، سـنووردار دەکات.

## عێراق و ئیسپانیا وەك نموونەی کارایی تیۆری هۆبز بۆ دەوڵەت و زیندوویی لێڤایەسان لە سەردەمی هاوچەرخدا

دەوڵـەت، بـە مانـا لێڤایەسانییەکەی، پانتاییەکـە کـەس یـان کەسـانێك ئامانجـی گەیشـتن بـە دەسـتەڵات و مانەوەیـان تیـادا هەیـە. ٣٢لـە ڕاسـتیدا، ئـەم خەسـڵەتەی دەوڵـەت بـە گۆڕانـی سـەردەمە جیـاوازەکان گۆڕانێکـی جەوهەریـی بەسـەردا نەهاتـووە.٣٣ بـۆ دەوڵەتـی هاوچـەرخ، هـەروەك بـۆ دەوڵەتـی کلاسـیك، دەسـتەڵات ئامانجـی باڵایـە و ئـەم ئامانجـەش بـە سـنوورداركردنی ئـازادی و ئیـرادەی تاکـەکان درووسـت دەبێـت. ئەگـەر لـە نـاو پانتایـی نووسـینی لێڤایەسـاندا هۆبـز دەسـتەڵات وەك سـەرچاوەیەك بـۆ کپکردنـەوەی ئـاژاوە دادەنێـت، ئـەوا هـەر خـودی هۆبـز لـە هەمـان نووسـیندا ئـەو ئەگـەرە لـە پێـش چـاو دەگرێـت کـە ڕێـی تێدەچێـت دوای گوێزانـەوەی کۆمەڵـگا لـە بـاری سرووشـتییەوە بـۆ بـاری مەدەنـی، جارێکیـتر کۆمەڵـگا، لـە بـەر هەندێـك هـۆکاری پەیوەسـت بـە سیسـتەم و هێـز، بـۆ قۆناغـی پێشـوو بگەڕێتـەوە.٣٤ ئەوەشـی کـە هێـما و نیشـاندەری گەڕانـەوەی پێچەوانـەی کۆمەڵگایـە لـە بـاری مەدەنییـەوە بـۆ بـاری سرووشـتی، بریتییـە لـە شـەڕی ناوخـۆ.٣٥ کەواتـە ئەرکـی لێڤایەسـان بـەوەی کـە کۆمـەڵ بـۆ کۆمەڵـگا و بـاری سرووشـتی بـۆ بـاری مەدەنـی دەگوازێتـەوە کۆتایـی نایـەت، بەڵکـو ئـەوە لێڤایەسـانە کـە پێویسـتە بـەردەوام لـە ئەرکـدا بێـت بـۆ پاراسـتنی ئـەوەی کـە بەدیهێنـاوە و بـەردەوام لـە هەوڵـدا بێـت بـۆ ڕێگرتـن لـە گەڕانـەوە بـۆ دۆخـی پێشـوو.

لـە سـەردەمی هاوچەرخـدا و بـە دیاریکراویـش لـە سـاڵی ٢٠١٧ دوو نموونـەی بەرچـاو لـە هەڵوێسـتی دەوڵەتانـی سـەروەر بەرامبـەر بـە جووڵانەوەیـەك بـەدی کـران کـە شایسـتەی ئـەوەن شرۆڤـە بکرێـن و ڕەفتـاری دەوڵەتـی سـەروەر تیایانـدا بـە ڕەفتـاری لێڤایەسـان، سـەروەری ڕەهـا لای هۆبـز، بـەراورد بکرێـن. ئـەم بەراوردکارییـە هەوڵێـك دەبێـت بـۆ یەکلاکردنـەوەی گریمانـە زیندوویـی لێڤایەسـان و کارایـی تیۆرەکـەی تۆمـاس هۆبـز سـەبارەت بـە سـەرهەڵدان، مانـەوە و گەشـەسەندنی دەوڵـەت. بابەتـی

ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی و جیابوونەوەی لە عێراق، کە لە ڕۆژی ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٧ بەڕێوە چوو و دواتریش کاردانەوەکانی دەوڵەتی عێراقی وەك نموونەی یەکەم وەردەگیرێت و شیکار دەکرێت. کورتەی چیرۆکەکەی عێراق بەم شێوەیەیە کە هەرێمی کوردستان بڕیاری دا ڕای هاوڵاتییەکانی ناو هەرێمەکە و ئەو ناوچانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن و هەرێم بە ناوچەی کوردستانییان دەزانێت وەربگرێت و بزانێت ئایا ئەوان دەیانەوێت ببنە دەوڵەتێکی سەربەخۆ. ڕیفراندۆمەکە، سەرەڕای نارەزایی و هەڕەشە پێشوەختە ناوخۆیی، ناوچەیی و جیهانییەکان بەڕێوە چوو و ئەنجامەکەشی وەك پێشبینیی دەکرا بریتی بوو لە سەرکەوتنی بەرەی سەربەخۆخواز.٣٦ دەسەڵاتی عێراقی لە کاردانەوە بەرامبەر بەم ڕیفراندۆمەدا، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەرێمی کوردستان تەنها بە ئەنجامدانی گشتپرسییەکە بەسەندەی کرد و هەنگاوی تری بۆ سەربەخۆیی نەنا، ڕێکاری یاسایی/دادوەری، سیاسی/دیپلۆماسی، سەربازی/میلیشیایی و تەنانەت ئابووری/بازرگانیی گرتەبەر.٣٧ دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی خۆی بۆ زیاد لە نیوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی سەربازی و سیاسیی، نەك ئیداری، هەرێمی کوردستان گەڕاندەوە و دەسەڵاتی ناڕاستەوخۆی خۆشی بە سەر فڕۆکەخانەکانی ناوچەکانیتری هەرێمدا سەپاند و هەروەها هەوڵی دا بەشێك لە سنوورەکان، بە ئامانجی کۆنترۆڵی تەواوەتییان، دابخات.٣٨ هەموو ئەم هەوڵانە، لەگەڵ ئەو وردەکارییانەی تر کە لێرە پێویستیی باسکردنیان نییە، لە پێناو گەڕاندنەوەی سەروەریی ڕەها بوو بۆ سەروەری عێراقی و کۆکردنەوەی، با بە زۆریش بێت، هەموو تاك و گرووپەکانی عێراق لە ژێر سێبەری یەك دەسەڵاتی باڵادا.

لە ڕاستیدا، ئەکتی دەوڵەتی عێراقی، کە پێشووتریش لەلایەن ئەو دەسەڵاتانەی کە نوێنەرایەتیی سەروەریی عێراقیان کردووە نموونەی هەبووە، ئەکتێکی لێڤایەسانییە بە مانا هۆبزیەکەی. عێراق، لەگەڵ هەموو ئەو لاوازییەی کە بەرامبەر بە چارەسەرکردنی کێشە سیاسیی، ئەمنی و ئابوورییەکانی هەیەتی، بەرامبەر بە چارەسەرکردنی بابەتێك کە گومانی لە سەر ڕەهایی سەروەرییەکەی درووستکردبوو، زۆر بە هێزەوە ڕەفتاری کرد. ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە لێڤایەسان لە ناو هەناوی دەوڵەتی عێراقدا، جا با «دەوڵەتێکی شکستخواردوو»ش بێت،٣٩ هەیە، زیندووە و شمشێری خۆی لەوانەی کە ناچنە ژێر باری بەرز دەکاتەوە. کاردانەوەی عێراق بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان، لە جەوهەردا، هاوشێوەی هەمان کاردانەوەی سریلانکایە بەرامبەر بە پڵینگەکانی تامیل، بەهەمانشێوەش هاوشێوەی هەموو ئەو نموونانەیترە کە پێشتر و دواتر دەوڵەتان لە شوێنکاتە جیاوازەکاندا بەرامبەر بە «هەڵگەڕانەوە» و «یاخیبوونەکان» ئەنجامیانداوە.٤٠ زیندوویی لێڤایەسان لە ناو کرۆکی دەوڵەتی عێراقدا و بە دیارکەوتنی لە ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠١٧ نموونەی کارایی تیۆری هۆبزە لەم سەردەمەدا. دەتوانرێت بە بوێرییەوە بانگەشەی ئەوە بکرێت کە بە درێژایی چەندین سەدە و دوای ئەو هەموو گۆڕانە لە تەکنۆلۆژیا و داهێنانی ئەو هەموو بیرۆکە سیاسییانە، هێشتا دەوڵەت، هەر هەمان دەوڵەتەکەی تۆماس هۆبزە و ئەوەی گۆڕاوە تەنها نەرمبوونی سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکانی دەوڵەتە، کە ئەمەش لە کاتی «تەنگانەی سەروەری باڵا و سەروەریی ڕەهادا» بۆ شێوە بنەڕەتییەکەی خۆی دەگۆڕێت و دەبێتەوە بە هەمان مەعدەن کە لێی درووست بووە.

ڕووداوەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ی ئیسپانیا وەك نموونەی دووەم شیتەڵ دەکرێت. کورتەی چیرۆکەکە سەبارەت بە ئیسپانیا بریتییە لەوەی کە لە هەرێمی کەتەلۆنیای سەر بە ئیسپانیا، جووڵانەوەی جیابوونەوە لە ئیسپانیای سەروەر گەشەی زیاتری سەند. سەربەخۆخوازیی کەتەلۆنییەکان، کە لای ئیسپانییەکان و زۆرینەی سەروەرانی تری لایەنگری پیرۆزیی یەکپارچەیی خاك بە جوداخوازی ناودەبرێت، گەیشتە ئەو قۆناغەی کە یەکلایەنە بڕیار لە سەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆمێك بۆ دیارییکردنی چارەنووسی هەرێمەکە و نەتەوە/گەلی کەتەلۆنیا بدات. ڕۆژی یەکی ئۆکتۆبەر، سەرەڕای ڕێگرییەکانی مەدریدی پایتەخت، کەتەلۆنییەکان ڕیفراندۆمیان ئەنجام دا و ئەنجامەکەشی وەك ئەوەی چاوەڕێ دەکرا، سەرکەوتنی سەربەخۆخوازان بوو.٤١ دواتریش سەرانی هەرێمەکە سەربەخۆیی هەرێمی کەتەلۆنیا و جیابوونەوەیان لە ئیسپانیا ڕاگەیاند.٤٢ کاردانەوەی دەوڵەتی ئیسپانیا بریتی بوو لە گرتنەبەری ڕێگای سەربازیی/پۆلیسی، سیاسی/دیپلۆماسی و یاسایی/دادوەریی تا بتوانێت شکست بەم

هەوڵە بهێنێت.٤٣ بەدەر لە لایەنی پەیوەست بە ڕاستی و درووستی و ڕەوایەتیی ئەکتی دەوڵەتی ئیسپانی، مەدرید توانی شکست بە پرۆژەی سەربەخۆخوازیی کەتەلۆنییەکان بهێنێت و سەرکەوتوو بوو لەوەی هەموو ئیسپانیا وەك یەکەیەك لە ژێر دەستەڵاتی دەستەڵاتێکی سەروەردا بە یەکگرتوویی بهێڵێتەوە.

لە ڕاستیدا، ئەکتی دەوڵەتی ئیسپانیش هەمان ئەکتی لێڤایەسانی ناو نووسینەکەی تۆماس هۆبزە. ئیسپانیا کە یەکێکە لە دەوڵەتە دیموکراسییەکان و ئەندامی یەکێتیی ئەوروپایە کە بانگەشەی دیموکراسیبوون و تەنانەت دیموکراسیکردن دەکات، لەگەڵ ئەوەدا کە سەروەرییەکەی کەوتە بەر هەڕەشەی ناتەواوبوون و دەستەڵاتەکەی کەوتە بەر هەڕەشەی لاوازبوون، ڕووە لێڤایەسانییەکەی خۆی نیشاندا. کەتەلۆنیا توانی لانیکەم دەمامکی مافی مرۆڤ و مافی گەلان، مەدەنییەت و دیموکراسیبوونی ئیسپانیا هەڵبماڵێت و ڕووە لێڤایەسانییە ڕاستەقینەکەی خۆی، کە هەمان ڕووی ڕاستەقینەی دەوڵەتانی تری سەروەرە، نیشانی کەتەلۆنیا، ئیسپانیا و جیهانی بدات.

نموونەی کارکردی مەدرید بەرامبەر بە کەتەلۆنیا، جارێکیتر، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە جەوهەری دەستەڵاتی هەر دەوڵەتێك، دواجار، لەگەڵ دەوڵەتانیتردا جیاوازیی نییە و ئەوەی جیاواز دەردەکەوێت دەمامکێکە کە ڕۆژێك هەر دەکەوێت. جگە لەمە، ڕەفتاری ئیسپانیای ٢٠١٧ بەرامبەر بە کەتەلۆنیا، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ڕەفتاری ئینگلەندی سەدەی ١٧ بەرامبەر بە سکۆتلەندا نییە٤٤ و ئەوەی جیاوازی دەکات تەکنیك و میکانیزمەکانن کە ئەوانەش بەرهەمی پێشکەوتنە تەکنۆلۆژیی و دامەزراوییەکانن، نەك گۆڕانی عەقڵ و ئیتیکی دەوڵەتداریی. کەواتە دەتوانرێت ئەوە هەڵبهێنجرێت کە دەوڵەت لە کات و شوێنە جیاوازەکاندا، هەمان ئەو دەوڵەتەیە کە هۆبز نەخشەی دەکێشێت و وەسفی دەکات، دەوڵەتێکە کە بە کەمتر لە ملکەچیی تاکەکانی بۆ سەروەری باڵا ڕازی نابێت. ئەگەر لێڤایەسان تاکەکان ملکەچ بکات، ئیرادەیان دابەش بکات، ئازادییان کەم بکاتەوە و بیانخاتە ژێر بەزەیی شمشێرەکەی، ئەوا دەوڵەتی نوێ نەك هەر تاکەکان، بەڵکو ڕێکخراو، گرووپ و تەنانەت نەتەوە و گەلانیش ملکەچی خۆی دەکات.

## ئەنجامی توێژینەوەکە

ئەو زمانەی کە هۆبز لێڤایەسانی پێ نووسیوە زۆر لەو زمانەوە دوورە کە ئەمڕۆکە تیۆرە سیاسییەکانی پێ دەنووسرێت. هۆبز بە بەکاربردنی وشە و چەمکە تیۆلۆژی و میتۆلۆژییەکان جۆرێك لە نووسین بەرهەم دێنێت کە لە ئەدەبیاتی سیاسیی هاوچەرخدا ئەگەر بێوێنەش نەبێت، کەموێنەیە. ئەمجۆرە لە نووسین بووەتە هۆی ئەوەی شرۆڤەی جیا بۆ تێکستەکە بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێگەیشتنێکی تا ڕادەیەك وەك یەك یان زۆر لە یەك نزیك بۆ ڕستە جەوهەرییەکان هەیە و ماناکان هاوشێوە لێکدەدرێنەوە.٤٥

ڕاستە نووسینەکانی هۆبز لە سەردەمێکی دیاریکراوی مێژوودا نووسراون، بەڵام لە ڕاستیدا بۆ سەردەمێکی دیاریکراوی مێژوو نەنووسراون. هۆبز لە نووسینەکانیدا، بە تایبەتیش لە هەردوو کتێبی ‹سەبارەت بە هاوڵاتی _ ١٦٤٢› و لێڤایەسان _ ١٦٥١ـدا، پێشبینیی سەرهەڵدانی دەوڵەتی مۆدێرن، بەم شێوەیەی ئێستا دەکات.٤٦ ئەو وەسفی دەوڵەتی مۆدێرن دەکات وەك یەکێتییەکی نێوان دانیشتوان و سەروەر، واتە دەوڵەتی مۆدێرن لای هۆبز بریتییە لە یەکەیەکی یەکگرتوو پێکهاتوو لە یەکێتیی نێوان تاکەکان و دەستەڵات لە پێناو یەکخستنی هێزدا. سەروەر نوێنەرایەتی تاکەکان دەکات و پێکەوەش یەك یەکەن. هەڵبەت لەم حاڵەتە مۆدێرنەشدا دەوڵەت هێزی خۆی لە تاکەکانیەوە بە دەست دێنێت و تاکەکان لە پای ئەوەی کە سەروەر، دەستوور_دەوڵەت، نوێنەرایەتییان دەکات و دەیانپارێزێت، واز لە بەشێك لە ئیرادە، سەروەری و ئازادییەکانی خۆیان دێنن.

بە پشتبەستن بە سەرچاوە یەکەمی و دووەمییەکان و هەروەها بە پشتبەستن بەو میتۆدانەی کە لە توێژینەویەدا بەکار

بـران، توانـرا توێژینەوەکـە بگاتـە ئەنجـام و وەڵامـی پرسـیارەکان بداتـەوە و گریمانەکـەش یـەکلا بکاتـەوە. بـە پشتبەسـتن بـەو ئارگیۆمێنتانـەی کـە لـە چوارچێـوەی ئـەم توێژینەوەیـەدا گەنگەشـە کـران، دەتوانرێـت بگوترێـت کـە تیـۆری دەوڵـەت لای تۆمـاس هۆبـز کـە بـە شـێوەیەکی سـەرەکی لـە ‹لێڤیایەسان_١٦٥١›ـدا خراوەتـە ڕوو، لـە سـەردەمی هاوچەرخیشـدا هێشـتا هـەر بـەکارە و توانیویەتـی بـە باشـی پارێزگاریـی لـە بەهـای لۆژیکیـی خـۆی بـکات. ئەمـەش دەرخـەری زیندوویـی لێڤیایەسـانە کـە هێشـتا هـەر لـە نـاو هەنـاوی دەوڵەتـدا دەژیـت، چاودێریـی دەکات و هەرکاتێـك مەترسیی بـۆ سـەر سـەروەریی ڕەهـای سـەروەری بـاڵا درووسـت بـوو، سـەر دێنێتـە دەر.

بۆ سـەلماندنی زیندوویـی لێڤیایەسـان، دوای ئـەو هەمـوو گـۆڕان و پێشـکەوتنە گـەورە و جیاوازانـەی کـە مرۆڤایەتـی لـە سـەردەمی هۆبـزەوە تـا ئێسـتا پێـی گەیشـتووە، توێژینەوەکـە نموونـەی کاردانـەوەی هەریەکـە لـە دەوڵەتانـی عێـراق بەرامبـەر بـە هەرێمـی کوردسـتان و ئیسـپانیا بەرامبـەر بـە هەرێمـی کەتەلۆنیـای شـیتەڵ کـرد. توێژینەوەکـە بـەو ئەنجامـە گەیشـت کـە ئەکتـی هـەر دوو دەوڵـەت لـە هـەردوو نموونـەدا ئەکتێکـی لێڤیایەسـانییە و ئەمـەش دەبێتـە بەڵگـە لەسـەر زیندوویـی لێڤیایەسـان و کارایـی تیـۆری هۆبـز بـۆ دەوڵـەت. لێڤیایەسـان لـە دەوڵەتـی هاوچەرخـدا هاوشـێوەی سـەرەتاکانی درووسـتبوونی دەوڵـەت دەیەوێـت هەمـوو تـاك، گـرووپ و کۆمەڵەکانـی نـاو کۆمەڵـگا هەڵلووشـێت و بیانخاتـە ژێـر بەزەیـی شمشـێرەکەی. ئەگـەر لـە سـەردەمی کلاسـیکدا، لێڤیایەسـان خـۆی وەك سـەروەر نیشـاندابێت و سـەروەریی و دەسـتەڵاتی ڕەهـای خـۆی لـە ژێـر نـاوی کوژاندنـەوەی ئاگـری ئاژاوە و فیتنـەدا پاراسـتبێت، ئـەوا لـە سـەردەمی هاوچەرخـدا چەمکەکانـی وەك ‹یەکێتیـی گـەل و یەکپارچەیـی خـاك› ئـەو پاسـاوانەن کـە بـە هۆیانـەوە لێڤیایەسـان/دەوڵەت هەوڵـی هێشـتنەوەی خـۆی بـە زیندوویـی و گەشـەدان بـە هێـز و سـەروەریی خـۆی دەدات. هەمـوو ئەمانـە نیشـاندەری ئـەو ڕاسـتییەن کـە تێپەڕبوونـی سـەردەمەکان، داهێنـان و گۆڕانکارییـەکان جەوهـەری دەوڵەتـی، بـە مانـای دەسـتەڵات، نەگۆڕیـوە و ئـەوەی گـۆڕاوە دەمامکـەکان، فۆڕمەکانـی دەوڵـەت و میکانیزمەکانـی پاراسـتنی سـەرورییە نـەك ئـەوەی گرنگیـی سـەروەریی بـۆ سـەروەر کـەم یـان زیـاد بـوو بێـت.

جیـا لـە هێنانـەوەی نموونـە و بەڵگـەی بەرهەسـتی هاوچـەرخ، توێژینەوەکـە شـێوازی نووسـین و داڕشـتنی تیـۆری دەوڵەتـی لـە لایـەن هۆبـزەوە شـیکاری کـردووە. یەکێـك لـە گرنگتریـن ئارگیۆمێنتـەکان کـە هۆبـز تیایـدا سـەرکەوتوو بـووە و زیندوویـی و بەردەوامیـی بـە تیۆرەکـەی بەخشـیوە بریتییـە لـە نیشـانکردنی دەسـتەڵات وەك کایەیەکـی مرۆیـی. وردبوونـەوە و قووڵبوونـەوە لـە کایـەی دەسـتەڵات وەك کایەیەکـی مرۆیـی و ئەمـەش لـە سـۆنگەی سرووشـت، سرووشـتی مـرۆڤ و سـایکۆلۆژیای مرۆڤـەوە، بووەتـە هـۆی ئـەوەی کـە تەنهـا گـۆڕان لـە سرووشـتی مرۆیـی ببێتـە هـۆی ئـەوەی گـۆڕان لـە جەوهـەری دەسـتەڵات، بـەو فۆڕمـەی کـە هۆبـز باسـی دەکات، درووسـت ببێـت. یەکێـك لـەو بنەمـا گرنگانـەی کـە هۆبـز تیۆرەکـەی خـۆی لـە سـەر داڕەشـتووە بریتییـە لـە سرووشـتی مـرۆڤ و ئەمـەش وا دەکات بیرۆکەکانـی هۆبـز بـۆ سـەردەمی خـۆی و سـەردەمانی ئێسـتا و داهاتـووش بەکاربێـت، چونکـە ئایدیا جیـاوازەکان دێـن و دەڕۆن، بـەڵام ئـەوەی دەمێنێتـەوە سرووشـتی مرۆڤـە کـە بـە شـێوەیەکی گشـتی بـە نەگـۆڕی دەمێنێتـەوە. هـەر بۆیـە جارێکیـتر و بـە جۆرێکیـتر هەوڵـی وەڵامدانـەوەی پرسـیارەکانی توێژینەوەکـە و یەکلاکردنـەوەی گریمانەکـەی دراوە.

دەوڵـەت لـە سـەردەمی هاوچەرخیشـدا درێژکـراوەی ئـەو دەوڵەتەیـە کـە لـە ئەنجامـی گرێبەسـتێکی کۆمەڵایەتییـەوە درووسـت بـووە و لـە سـەردەمی ئێسـتادا ئـەوە دەسـتوورە کـە جێگـەی گرێبەسـتە کۆمەڵایەتییەکـەی گرتووەتـەوە. دەوڵەتـی هاوچـەرخ، هاوشـێوەی دەوڵـەت لـە سـەرتای درووسـتبوونیدا، دەخوازێـت خواسـتی خـۆی بـە سـەر هەمووانـدا بسـەپێنێت و شـەڕی هەمـوان لـە دژی هەمـوان دامرکێنێتـەوە و هـاوکات هەمـوان بخاتـە ژێـر ڕکێفـی خـۆی. بـەدەر لـە دەوڵەتـە شکسـتخواردووەکان کـە لـە کۆنترۆڵکردنـی کۆمەڵـگا نائومێدبـوون و سـوود لـەوە دەبینـن خەڵکـی خۆیـان لـە دژی یەکـتر لـە جەنگێکـی کۆمەڵایەتیـدا بـن، دەوڵەتـان دەخـوازن ئارامیـی بـاڵ بـە سـەر وڵاتـدا بکێشـێت. خـۆ ئەگـەر کەسـێك یـان کەسـانێك، ناوچەیـەك یـان چەنـد ناوچەیـەك

و هەرێمێك بیانەوێت لە ژێر ئیرادەی دەوڵەت دەرچن، ئەوا دەوڵەت وەك لێڤایەسانێك سەر دەر دێنێت و هەوڵ دەدات هەموویان هەڵلووشێت. هەرچەند تیۆری هۆبز بۆ دەوڵەتی سەرەتایی نووسراوە و ئامانج لێی پاراستنی تاکێکە لە تاکێکیتر، بەڵام بۆ سەردەمی هاوچەرخ، کە سەردەمی ڕۆڵگێڕانی گرووپ و پێکهاتەکانە، ئەوا دەوڵەت هەر بە هەمان ڕۆڵی خۆی هەڵدەستێت. تاك، گرووپ و پێکهاتەیەکەکان لە هەڕەشە و هێرشی یەکتر دەپارێزێت، دواجاریش هەموویان دەخاتە بەر ڕەحمەتی شمشێرەکەی خۆی تا بە هێشتنەوەی پێکاتەکان لە کەشێکدا کە شەڕی تێدا نەبێت، مانەوەی خۆی مسۆگەر بکات.

پەراوێزەکان


١ Link, L. (١٩٩٥). The Devil: a mask without a face. Reaktion Books.

٢ Wallace, H. (١٩٤٨). Leviathan and the Beast in Revelation. The Biblical Archaeologist, ٦٨-٦١ ,(٣)١١. P.٦٢

٣ The Old Testament, Ayyub Book; ١:٤١

٤ The Old Testament, Isaiah Book; ١:٢٧

٥ The New Testament.

٦ Wallace, H. (١٩٤٨). Leviathan and the Beast in Revelation. The Biblical Archaeologist, ٦٨-٦١ ,(٣)١١. P.٦٣

٧ Hobbes, T. (٢٠٠٦). Leviathan. A&C Black.

٨ Ibid.

٩ Van Mill, D. (١٩٩٥). Hobbes›s Theories of Freedom. The Journal of Politics, ٤٥٩-٤٤٣ ,(٢)٥٧.

١٠ Skinner, Q. (١٩٩٦). Reason and Rhetoric in the Philosophy of Hobbes. Cambridge University Press.

١١ Machiavelli, N. (١٩٧٥). The Prince: Transl. with an Introd. by George Bull. Penguin Books.

١٢ Hobbes, T. (٢٠٠٦). Leviathan. A&C Black.

١٣ Van Mill, D. (١٩٩٥). Hobbes›s Theories of Freedom. The Journal of Politics, ٤٥٩-٤٤٣ ,(٢)٥٧.

١٤ Skinner, Q. (١٩٩٦). Reason and Rhetoric in the Philosophy of Hobbes. Cambridge University Press.

١٥ Strauss, L. (١٩٦٣). The political philosophy of Hobbes: its basis and its genesis. University of Chicago Press.

١٦ Van Mill, D. (١٩٩٥). Hobbes›s Theories of Freedom. The Journal of Politics, ٤٥٩-٤٤٣ ,(٢)٥٧.

١٧ Hillman, A. (٢٠٠٩). Hobbes and the prophet Samuel on leviathan government. Public Choice, ٤-١ ,(١)١٤١. P.٤

١٨ Baumgold, D. (٢٠٠٨). The difficulties of Hobbes interpretation. Political theory, ٨٥٥-٨٢٧ ,(٦)٣٦. P.٨٣٦

١٩ Ibid. P.٨٣٦

٢٠ Owen, J. (٢٠٠٥). The tolerant Leviathan: Hobbes and the paradox of liberalism. Polity, ١٤٨-١٣٠ ,(١)٣٧.

٢١ Robertson, D. (١٩٧٤). Well, Does Leviathan…?. British Journal of Political Science, ٢٥٠-٢٤٥ ,(٢)٤. P.٢٢٤٦

٢٢ Hobbes, T. (٢٠٠٦). Leviathan. A&C Black.

٢٣ Spieker, J. (٢٠١١). Foucault and Hobbes on politics, security, and war. Alternatives, ١٩٩-١٨٧ ,(٣)٣٦. P.١٩٣

٢٤ Hunter, G. (١٩٨٩). The Fate of Thomas Hobbes. Studia leibnitiana, ٢٠-٥. P.٥

٢٥ Hindess, B. (١٩٩٦). Discourses of power from Hobbes to Foucault, Blackwell.

٢٦ Runciman, D. (٢٠١٠). Political hypocrisy: The mask of power, from Hobbes to Orwell and beyond. Princeton

University Press.

٢٧ Ibid.

٢٨ Streit, M. E., & Wohlgemuth, M. (٢٠٠٠). The Market Economy and the State Hayekian and Ordoliberal Conceptions. In The Theory of Capitalism in the German Economic Tradition (pp. ٢٧١-٢٢٤). Springer, Berlin, Heidelberg.

٢٩ See: Kimball, R [Editor]. (٢٠١٢). The New Leviathan: The State Versus the Individual in the ٢١st Century. Encounter Books, New York - London.

٣٠ Donaldson, T., & Dunfee, T. (١٩٩٥). Integrative social contracts theory. Economics & Philosophy, -٨٥ ,(١)١١ ١١٢.

٣١ Runciman, D. (٢٠١٠). Political hypocrisy: The mask of power, from Hobbes to Orwell and beyond. Princeton University Press.

٣٢ Bjorvatn, K. (١٩٩٥). Leviathan in a dual economy. Public Choice, ١٥١-١٣٧ ,(٢-١)٨٤.

٣٣ Hindess, B. (١٩٩٦). Discourses of power from Hobbes to Foucault, Blackwell.

٣٤ See: Hobbes, T. (٢٠٠٦). Leviathan. A&C Black.

٣٥ Nyquist, M. (٢٠٠٩). Hobbes, Slavery, and Despotical Rule. Representations, ٣٣-١ ,(١)١٠٦. P.١

٣٦ KHERC: Yes wins by ٩٢,٧٣ percent at Kurdistan independence referendum. (٢٠١٧ September ٢٨). Retrieved from: http://cabinet.gov.krd/a/d.aspx?s=٠٤٠٠٠٠&l=١٢&a=٥٥٨٦١

٣٧ Haider al-Abadi vows to use law to control Kurds. (٢٠١٧ September ٢٨). Retrieved from: http://www.aljazeera.com/news/٠٩/٢٠١٧/haider-al-abadi-vows-law-control-kurds١٧٠٩٢٨١١٠٧٠٢٧٣٥-.html ; and also Iraqi forces launch ‹major› Kirkuk operation. (٢٠١٧ October ١٦). Retrieved from: http://www.aljazeera.com/news/١٠/٢٠١٧/iraqi-forces-launch-major-kirkuk-operation١٧١٠١٥٢٢٠٦٥١١٧٧-.html

٣٨ Iraq imposes flight ban on Kurdish airports in response to independence referendum. (٢٠١٧ September ٢٩). Retrieved from: http://www.dw.com/en/iraq-imposes-flight-ban-on-kurdish-airports-in-response-to-independence-referendum/a٤٠٧٥٢٥٤٣-

٣٩ On failed state and Iraqi failed state, see: Parker, N. (٢٠١٢). The Iraq We Left Behind: Welcome to the World›s Next Failed State. Foreign Affairs, ١١٠-٩٤.

٤٠ For more on separatist movements, see: Hewitt, C., & Cheetham, T. (٢٠٠٠). Encyclopedia of modern separatist movements. Abc-Clio Inc.

٤١ Catalonia referendum: ٪٩٠ voted for independence, say officials – as it happened. (٢٠١٧ October ٢٦). Retrieved from: https://www.theguardian.com/world/live/٢٠١٧/oct/٠١/catalan-independence-referendum-spain-catalonia-vote-live

٤٢ Catalonias parliament voted for independence. So Spain dissolved it. (٢٠١٧ October ٢٧). Retrieved from: https://www.vox.com/world/١٦٥٥٧٥٦٠/٢٧/١٠/٢٠١٧/catalonia-parliament-independence-rajoy-puigdemont-spain-constitution

٤٣ Spanish national police deploy near Barcelona voting station: El Pais. (٢٠١٧ October ٠١). Retrieved from: https://www.reuters.com/article/us-spain-politics-catalonia-police/spanish-national-police-deploy-near-barcelona-voting-station-el-pais-idUSKCN١C٦١١٧

٤٤ McCrone, D., & Paterson, L. (٢٠٠٢). The conundrum of Scottish independence. Scottish Affairs, ٧٥-٥٤ ,(١)٤٠.

٤٥ Baumgold, D. (٢٠٠٨). The difficulties of Hobbes interpretation. Political theory, ٨٥٥-٨٢٧ ,(٦)٣٦. P.٨٤٧

٤٦ Hobbes, T., & Monti, C. (٢٠٠٤). De cive (Vol. ٢, p. ١). Kessinger Publishing.

سەرچاوەکان

•Baumgold, D. (٢٠٠٨). The difficulties of Hobbes interpretation. Political theory, ٨٥٥-٨٢٧ ,(٦)٣٦. P.٨٣٦

•Bjorvatn, K. (١٩٩٥). Leviathan in a dual economy. Public Choice, ١٥١-١٣٧ ,(٢-١)٨٤.

•Catalonia referendum: ٪٩٠ voted for independence, say officials – as it happened. (٢٠١٧ October ٢٦). Retrieved from: https://www.theguardian.com/world/live/٢٠١٧/oct/٠١/catalan-independence-referendum-spain-catalonia-vote-live

•Catalonias parliament voted for independence. So Spain dissolved it. (٢٠١٧ October ٢٧). Retrieved from: https://www.vox.com/world/١٦٥٥٧٥٦٠/٢٧/١٠/٢٠١٧/catalonia-parliament-independence-rajoy-puigdemont-spain-constitution

•Donaldson, T., & Dunfee, T. (١٩٩٥). Integrative social contracts theory. Economics & Philosophy, ١١٢-٨٥ ,(١)١١.

•Haider al-Abadi vows to use law to control Kurds. (٢٠١٧ September ٢٨). Retrieved from: http://www.aljazeera.com/news/٠٩/٢٠١٧/haider-al-abadi-vows-law-control-kurds١٧٠٩٢٨١١٠٧٠٢٧٣٥-.html

•Hewitt, C., & Cheetham, T. (٢٠٠٠). Encyclopedia of modern separatist movements. Abc-Clio Inc.

•Hillman, A. L. (٢٠٠٩). Hobbes and the prophet Samuel on leviathan government. Public Choice, ٤-١ ,(١)١٤١. P.٤

•Hindess, B. (١٩٩٦). Discourses of power from Hobbes to Foucault, Blackwell.

•Hobbes, T. (٢٠٠٦). Leviathan. A&C Black.

•Hobbes, T., & Monti, C. (٢٠٠٤). De cive (Vol. ٢, p. ١). Kessinger Publishing.

•Hunter, G. (١٩٨٩). The Fate of Thomas Hobbes. Studia leibnitiana, ٢٠-٥. P.٥

•Iraq imposes flight ban on Kurdish airports in response to independence referendum. (٢٠١٧ September ٢٩).Retrieved from: http://www.dw.com/en/iraq-imposes-flight-ban-on-kurdish-airports-in-response-to-independence-referendum/a٤٠٧٥٢٥٤٣-

•Iraqi forces launch ‹major› Kirkuk operation. (٢٠١٧ October ١٦). Retrieved from: http://www.aljazeera.com/news/١٠/٢٠١٧/iraqi-forces-launch-major-kirkuk-operation١٧١٠١٥٢٢٠٦٥١١٧٧-.html

•Kimball, R [Editor]. (٢٠١٢). The New Leviathan: The State Versus the Individual in the ٢١st Century. Encounter Books, New York - London.

•Owen, J. (٢٠٠٥). The tolerant Leviathan: Hobbes and the paradox of liberalism. Polity, ١٤٨-١٣٠ ,(١)٣٧.

•KHERC: Yes wins by ٩٢,٧٣ percent at Kurdistan independence referendum. (٢٠١٧ September ٢٨). Retrieved from: http://cabinet.gov.krd/a/d.aspx?s=٠٤٠٠٠٠&l=١٢&a=٥٥٨٦١

•Link, L. (١٩٩٥). The Devil: a mask without a face. Reaktion Books.

•Machiavelli, N. (١٩٧٥). The Prince: Transl. with an Introd. by George Bull. Penguin Books.

•McCrone, D., & Paterson, L. (٢٠٠٢). The conundrum of Scottish independence. Scottish Affairs, ٧٥-٥٤ ,(١)٤٠.

•Nyquist, M. (٢٠٠٩). Hobbes, Slavery, and Despotical Rule. Representations, ٣٣-١ ,(١)١٠٦. P.١

•Parker, N. (٢٠١٢). The Iraq We Left Behind: Welcome to the World›s Next Failed State. Foreign Affairs, ١١٠-٩٤.

•Robertson, D. (١٩٧٤). Well, Does Leviathan…?. British Journal of Political Science, ٢٥٠-٢٤٥ ,(٢)٤. P.٢٢٤٦

•Runciman, D. (٢٠١٠). Political hypocrisy: The mask of power, from Hobbes to Orwell and beyond. Princeton University Press.

•Skinner, Q. (١٩٩٦). Reason and Rhetoric in the Philosophy of Hobbes. Cambridge University Press.

•Spanish national police deploy near Barcelona voting station: El Pais. (٢٠١٧ October ٠١). Retrieved from: https://www.reuters.com/article/us-spain-politics-catalonia-police/spanish-national-police-deploy-near-barcelona-voting-station-el-pais-idUSKCN١C٦١١٧

•Spieker, J. (٢٠١١). Foucault and Hobbes on politics, security, and war. Alternatives, ١٩٩-١٨٧ ,(٣)٣٦. P.١٩٣

•Strauss, L. (١٩٦٣). The political philosophy of Hobbes: its basis and its genesis. University of Chicago Press.

•Streit, M., & Wohlgemuth, M. (٢٠٠٠). The Market Economy and the State Hayekian and Ordoliberal Conceptions. In The Theory of Capitalism in the German Economic Tradition (pp. ٢٧١-٢٢٤). Springer, Berlin, Heidelberg.

- The New Testament.
- The Old Testament, Ayyub Book.
- The Old Testament, Isaiah Book.
- Van Mill, D. (١٩٩٥). Hobbes›s Theories of Freedom. The Journal of Politics, ٤٥٩-٤٤٣ ,(٢)٥٧.
- Wallace, H. (١٩٤٨). Leviathan and the Beast in Revelation. The Biblical Archaeologist, ٦٨-٦١ ,(٣)١١. P.٦٢

## Abstract

Thomas Hobbes in Leviathan, ١٦٥١, based on analyzing human nature and via the social contract theory, offers a theory regarding the raise and forming of the state. For Hobbes, the raise of a state is about transferring the community in natural state into a society in its civil state; it is about transferring from ‹the war of all against all› and chaos into safety and security. Hobbes argues that the state, just like the Leviathan, has supper power and can embrace all other powers. It is able to end the chaos of the natural state, through using power; and by this can protect itself and its people. This paper is an attempt to understand the validity of Hobbes› theory and the vitality of the Leviathan in the contemporary era. It considers the reactions of both Iraq and Spain in ٢٠١٧ towards separatist movements; seeking the Leviathanic elements in contemporary states. It tries to clarify how the state still enjoys having its main characteristics throughout history without any considerable changes; as what has been changed is about the forms, mechanisms and masks of the state but not its essential characteristics.